Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# عێراق: حوزەیرانی ٢٠٠٨

**Author:** IWPR
دوو بابەت سەرنجی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە کەرکوك و بەغدا ڕادەکێشن.
ی عێراق لەسەر ئەو کچانەی لەو پارێزگایە لە خوێندن بێبەشدەکرێن راپۆرتێکی بەهێز بووە و هۆشیاری خەڵکی سەبارەت IWPR
دیاردەیەکی ترسناك زیادکردووە.

؛ کچان لە خوێندن بێ بەش دەکرێن، بە دوور و درێژی باس لە دەردەسەری ئەو کچانە دەکات کە دایك و باوکیان لەIWPR ئەو بابەتەی
قوتابخانە دەریان دەهێنن بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی مەترسی ئەمنیەوە. ئەو بابەتە تیشکی خستۆتە سەر ئەو کچانەی لە کەرکوك
لە خوێندن بێ بەش دەکرێن کە دەکەوێتە ناوەڕاستی باکوری عێراقەوە، بەڵام باوەڕ وایە ئەو کێشەیە لە زۆربەی ئەو پارێزگایانەدا
هەبێت کە گیرۆدەی توندوتیژی بون و لەو کۆمەڵگایانەش کە نرخ بۆ فێرکردنی کچان دانانێن.

ڕاپرسییەك کە لە سەرەتای ئەمساڵ لە لایەن ڕێکخراوێکی ناحکومی بە ناوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی بڵاوکراوەتەوە دەریخستووە
کە سێ بەش لەو ١،٥١٠ ژنەی بیروبۆچوونیان وەرگیراوە باسیان لەوە کردوە کچان لە خوێندن بێبەشدەکرێن. کەمێك لە نیوەیان زیاتر
وتوویانە ئەم حاڵەتە دوابەدوای ڕووخانی صەددام لە ٢٠٠٣ سەریهەڵداوە.

بوشرا محەمەد زەکی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە ڕێکخراوی ڕۆژ بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە کەرکوك وتی، "ئەم راپۆرتە ئەم
دیاردەیەی زەقکردەوە کە بەردەوام لە بڵاوبونەوەدایە. ؟؟؟؟؟ ئەم بابەتە خرایە بەر دیدی کەسانی بەرپرس و شارەزا کە هیچیان
نەکردووە بۆ سووککردنی مەینەتییەکانی کچان و ژنان."

بوشڕا زیاتر وتی، "ئەمە کێشەیەکی قورسە کە پێویستی بە چارەسەر هەیە لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە. لەم
نێوەندەدا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت بە دانانی ئەم کێشەیە لەسەر مێزی گفتوگۆ بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێك."

یان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی ڕەگەز و پەروەردە و ئاماژەیانIWPR چەند سەرچاوەیەك کە ئەو بابەتەیان خوێندبوویەوە ستایشی
بەوەش کردووە کە ڕاپۆرت لەسەر ئەم بابەتانە لە عێراق بە شێوەیەکی فراوان ئامادە ناکرێت.

دالیا موکەڕەم، کارگەری ئیش و کاری کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك وتی، "بابەتی کچان و پەروەردە بە
شێوەیەکی باش لە لایەن هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بڵاو نەکراونەتەوە. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کەرکوك ڕووداوی سیاسی بڵاو
دەکەنەوە و ناتوانن تیشك بخەنە سەر بابەتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان هەرچەندە پەروەردە گرنگترین بەشی کۆمەڵگایە."

هانا حەسەن، سەرۆکی ڕێکخراوی ئەزیاف بۆ ژنان لە کەرکوك لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕا بوو و وتی، "بە دەگمەن بابەتی وەها دەبینین
کە لێکۆڵینەوە لەم کێشانەدا بکات."

هەروەها هانان وتی، "ئەم بابەتە بە دوور و درێژی ئەو شتەی پێ وتم کە نەم دەزانی لە بارەی ڕەوشی کچان لە کەرکوك و
مەینەتییەکانیان."

شارەزایان و لایەنگران ئاماژەیان بەوە کرد کە تووشی تاسان و دڵتەنگی هاتوون بەهۆی چیرۆکی هودا ئەحمەدی تەمەن ١٣ ساڵ کە بە
ڕاگەیاند بەهۆی بڕیاری دەرهێنانی لە قوتابخانە لە لایەن دایك و باوکی دوای ئەوەی IWPR ڕاشکاوی دڵتەنگی و نیگەرانی خۆی بە
یەکێك لە هاوپۆلەکانی ڕفێنرا.

چەند لایەنگرێکی ژنان ئاماژەیان بەوە کردووە هودا کە تێگەیشتنی خۆی لەبەرامبەر بڕیاری دایك و باوکی پشیانداوە بەڵام بە "تاوانێکی
ناشرین"ی وەسف کردووە "کە لە دژی خودی خۆی ئەنجام درابێت" – نموونەیەکی بەهێز بوو بۆ ئەو پرسیارەی بۆ دەبێت حکومەت و
ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێویست بکات لە پێناو پەروەردەی کچان خەبات بکەن. بوشڕا وتی، "ووتارەکە وای لە خوێنەران کرد "بە
هەمان ئەو ڕەوشەدا ڕەت بن کە هانا تیایدا دەژی."

لایەنگرانی ژنان هاوڕابوون لەوەی کە بابەتەکە یامەتیدەر دەبێت لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئەو کێشەیە. لە کاتێکدا هەندێکیان گومانیان دەرپڕیووە دەربارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە. هانا باسی ئەوەی کرد کە پێویستە حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەنگاوی ڕاستەقینە بنێن بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی لە گێڕانەوەی کچان بۆ قوتابخانە. هانا، سەرەڕای ئەوی پێشنیاری پاراستنی قوتابخانەکانی کرد، ئاماژەی بەوەشدا کە دەبێت دایکان و باوکان خوولی هۆشیاریان پێ بدرێت سەبارەت بە گرنگی پەروەردە بۆ کچەکانیان.

لە عێراق خسۆتە ڕوو، بە تەنها حکومەت بەرپرس IWPR بە گوتەی هەندێك لە لایەنگرانی ژنان کە تێبینی خۆیان لەسەر بابەتێکی تری نییە لە چارسەرکردنی کێشەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان. ئەو بابەتە کە بە ناونیشانی "خێزانەکانی قوربانیانی ڕفاندن لە عێراق ڕووبەڕووی ململانێی دارایی دەبنەوە" بوو ڕوونیکردەوە چۆن حکومەت یارمەتییەکی کەمی خێزانەکانی قوربانیانی ڕفاندن دەکات کە بەزۆری داهاتێکی کەمیان هەیە یان ناتوانن کار بکەن.

فایزە ئەلموسەوی، پارێزەر و چالاك لە بواری ئافرەتان وتی، "لە کاتێکدا هیچ چارەسەرێکی خێرا لە ئارادا نییە، بابەتەکە پێدەچێت لایەنگرانی ژنان هانبدات لێدوان لەسەر بابەتەکە بدەن."

دالیا محمد، لایەنگری ڕێکخراوی گردبوونەوەی ژنان لە بەغدا وتی، "نابێت بە تەنها حکومەتی عێراق چارەسەر بدۆزێتەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش دەبێت کار بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕاستەقینە بۆ ئەو ژنانەی مێردەکانیان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ڕفێنراون یان کوژراون."

لایەنگرانی ژنان لە کەرکوك و بەغدا هاوڕابوون لەوەدا کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دەرخستنی ئەم بابەتانە.

دالیا محمد پاڵپشتی خۆی دەربڕی و وتی، "ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ژنانەوە "دەکرێت گۆڕانکاری دروست بکەن".

بکەن. ئەم ڕێکخراوە بە دوور و درێژی باسەکان دەگەینێت بە IWPR هانا وتی، "هیوادارم هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن چاو لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات."

ە لە کەرکوك. باسمIWPR بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەماح صەمەد ڕۆژنامەنووسێکی ڕاهێنراوی IWPR تیاری ڕاس سەرنووسەری ئەلشەرع لە بەغداوە بەشداری لە ئامەدەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کردووە.

**Location:** Iraq

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%AD%D9%88%D8%B2%D9%87%E2%80%8C%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%A2%D9%A0%D9%A0%D9%A8